## هیوا گوڵمحەمەدی هەموشتی تەواو کردووە، ئێستا ماوە ڕەخنە لە سەرکردە کانی باشوری کوردستان بگرێت؟!!. جەمال فەتاح

سەیره گوڵم هیوا گوڵمحەمەدی هەر بە وێنەکەیدا دیارە ڕۆشنبیر و سیاسەت وانە، چونکە هاتووە ڕەخنە لە سەرکردایەتی ڕامیاری باشوری کوردستان ئەگرێت؟!.
گەلۆ من نازانم خەڵکێک چۆن شەرم لەخۆی ناکات؟!، ئەبێت چەپڕەوی هێندە خەڵکی فێری بێڕیزی بکات و کۆشکی کەسایەتیان بروخێنێت؟!، یان هەندێک کەس هەن لە کورد دا کە هەر لەسەرەتاوە کۆشکی کەسایەتیان تێدا درووست نەبووە، دەنا بۆ ئەبێت؟کوردێک هەموو ژیانی پڕبێت لە هەڵەو کەل کەچی سوکایەتی بە سەرۆکی گەلە هەژارەکەمان مستەفا بارزانی نەمر بکات یا سوکایەتی بە ڕێزدار مام جەلال تاڵە بانی یان بە سەرک مەسعود بارزانی بکات؟!.
هیوا گوڵمحەمەدی چەپ ێکی خۆر هەلآتی کوردستانە و ئێستاش ماوەیەکە بۆتە هاودەوری چەپە دۆڕاوەکانی باشوری کوردستان و بۆتە یاری ئەو باڵە چەپە دۆڕاوەی باشوری کوردستان کە هەردەم لانە و بناغە و سەرچاوەی شەڕی براکوژی بوون لە کوردستاندا هەتا بەتەواوی خۆیان لە ناو لایەنەکەی خۆشیاندا ریسواکرد، .
ئەوەتا ئێستاش لە سەر سایتی درۆکان و هەندێ شوێنیتر بوونەتە کرمی قەدی داری کوردایەتی و شەو ڕۆژیان کردووە بەیەک لەپێناوی دژایەتی کردنی سەرکردایەتی سیاسی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان و باڵی خێر و نیشتمان پەروەری ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەگشتی و کاک مەسعود و مام جەلال بەتایبەتی، تەنها لەبەر ئەوەش دژایەتی نیشتمان پەوەرانی ی. ن. ک و ڕێزدار مام جەلال ئەکەن کە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و ماڵی پیرۆزی بارزانیدا ئاشتیان کردووە و دەستیان لەناو دەستی یەک ناوە بۆ خزمەتی گەلەکەمان و ئاشتی و ئاوەدانی کوردستان هەوڵ ئەدەن.
دیارە یەکێتی ڕیزەکانی گەلەکەمان قوربانی زۆری بۆ درا و لە خۆ بردوویی زۆری ویست تاکو ئەو درزانەی کە قارەمانانی شەڕی براکوژی بە 35 ساڵ کردیانە جەستەی ڕیزەکانی کوردایەتی بچوک کرانەوە و یەکی گرتەوە، وە ماندوو بوونی زۆری ویست و زۆریشی لەسەر نووسرا لەوانەش هیوا گوڵمحەمردی خۆشی زۆری سەر کۆنە کرد و تانەی زۆریشی لە ڕیزی کوردایەتی دا، کە بۆچی یەکناگرێتەوە، بەلآم ئەوە دوو ساڵە بووەتە هاو بەشو هاو دەوری کۆمەڵێک کۆنە سیخوڕ و گومانلێکراو و چەپی دۆڕاوی باشوری کوردستان، کە بەفیتی چەند کۆنە جاشێک ئەوانەی کەهەردەم کرمی داری کوردایتی بوون و پاڵەوانی شەڕی براکوژی بوون لە کوردستاندا و شانبەشانی ئەوان هەوڵی تێکدانی ڕیزەکانی کورد ئەدات، وە هاو شانی ئەوان شمشێری کولی سویوە بۆ گردنی ئازادی خوازانی ڕێبازی کوردایەتی ڕێبازی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبازی سەرۆک مستەفا بارزانی نەمر، .
بەلآم پێم باشە هیواگوڵمحەمەدی باش بزانێت ئەوانەی ئەو پشتی پێبەستوون وەک ئەوە وایە لەناو دەریا یەکی بێبن کوتبێت و دەست بۆ پووش بەریت گلی بداتەوە، چونکە کۆنەجاش و کۆنە سیخوڕ و قارەمانانی شەڕی براکوژی ئەگەر کورد بوونایە و وەفایان بۆ کورد هەبایە لە سەرەتای کوردایەتییەوە جاشیەتییان هەڵنەئەبژارد دژی شۆڕشگێرانی نەتەوەکەمان، وە ئەگەر وەفادار بوونایە بۆ نەتەوەکەمان نەئەبوونە قارەمانی شەڕی

براکوژی بەدرێژایی نزیکی 35 ساڵ، کە چی لە شاخ و چی لە شار و چی جاش بوون چی بەناو پێشمەرگە ڕمی دەستی دوژمن بوون بۆ شەهید کردنی پێشمەرگەی کوردستان؟!!.

ئێستاش هەر ئەوانە دەیان و سەدان کۆنە سیخوڕ و کۆنە جاش و چەپی دۆڕاو یان لە خۆیان کۆکردووەتەوە و پلان دژی ڕێبازی کوردایەتی ئەگێڕن و ئەیانەوێت جارێکیتر بەختی ڕەشیی خۆیان تاقی بکەنەوە و ئاگر بەماڵ و کەلاوەی کوردەوە بنێن، کە هیوا گوڵمحەمەدیش بیەوێت یان نەیەوێت ئەوە دووساڵە دەست ئاگرسێنێکە لەو ئاگرە کە ڕوو ڕەشان ئەیانوێت لە ماڵی کوردی بەربدەنەوە؟!!.

بەلام جارێکیتر هیوا گوڵمحەمەدی و ئەوانەش کە پشتیان بە قارەمانانی شەڕی براکوژی بەستووە چاک دڵنیابن ئەگەر ئەمجارە سەر پەرشتانی کۆڵە مارکسییەکانی کوردستان یاری بەئاگری وابکەن ئەم ئاگرەیان تەنها خۆیان ئەسوتێنێت و بۆ دوا جار ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەل ئەیان خاتە ناو زبڵدانی مێژوی گەلەکەمان؟؟!!..

جمال فتاح
2006/3/22
لەندەن